# قوربانیو جەللاد

(پەردەلادەدرێ. ڕووناکی. ژن، مێرد، هاوڕێی مێرد لەسەر شانۆن)

**ژن:**

سالار.. تکات لێدەکەم.. لێتدەپاڕێمەوە.. سەرگەردانممەکە. دەتوانیتو هەڤێکی ڕەوای خۆتە. بگرە لەسەرت پێویستە کەخۆت دەربـازبکەیت. کـاکە ئـاسۆ دەستمدامێنت تێیبگـەیەنە. بـۆی ڕوونبکەرەوە کەچ هەڵەیەکدەکا.. کەچ غەدرێك لەخۆیو لەمنیشدەکا.

**ئاسۆ:**

ســالار کـاکی خۆم.. ئـەمکردەوەیـەت ئـــازایەتی نییە. خۆڕزگارکردن لەچنگی دوژمن، ئەرکێکی سەرشانتەو دەبێ بەجێیبێنیت. هیچ دوودڵمەبەو بڕۆ. کـــەس تـانـەت لێناداو، کەسیش بەترسنۆکت نازانێ.

**سالار:**

بـا.. تـانــەم لـێدەدرێو، بـەتـرسـنۆکیش دەزانــرێم، کەهەردووکیان قسەی هەقن. مرۆڤی شۆڕشگێڕو ئازا، سەنگەر جێناهێڵێ.

**ئاسۆ:**

بەڵام تۆ لەسەنگەردانیت. تۆ لەحەشارگەیەکدایت، کەدوژمن پێتیزانیوە. دێ دەتگرێو بەوگرتنەت، زیانێکی گەورە بەحیزبو بەشۆڕشەکەی ناومێشکیشتدەگا.

**سالار:**

من لەوجۆرە کەسانەنیمو، وەها بیرناکەمەوە.

**ژن:**

ئەی لەکام جۆریت؟!. ئەوەی بەکڵاودەگیرێ؟!. یاخود چۆن بیردەکەیتەوە؟!. بەوشێوەیەی کەخۆت بەفیڕۆبدەیت؟!.

**سالار:**

ئەم قسانەت لەخۆپەرستییەوەیە. دەتەوێ بەهەرنرخێکبێ، مێردەکـەت بۆبمێنێ. ئـەگینـــا ڕێیتێدەچێ کەهێشتا نەتناسیبم، کەمن چ جۆرە مرۆڤێکم؟!.

ژن:

سالارگیان.. چاکچاکت دەناسم. بەڵام ئاخر..

سالار:

ئاخرچی؟... ها؟!.. بۆچی دەمخەیتە سەرڕێگای هەڵاتن‌و ترسنۆکی؟!.

ژن:

(دەچێتە پێشدەمی شانۆ)

من؟!.. من دەیخەمە سەرڕێگای هەڵاتن‌و ترسنۆکی؟!. منێك کەبەرلەهەرشتێك، گیانی ئازایەتی‌و جوامێریم تێدا خۆشویست؟!. داد چ وەڵامێکی بدەمەوە؟!. نا.. قەت ئەوەم بەبیردانەهاتوەو، بـــەبیرمدانایەت. بەڵام نـــاتوانم بەفەوتچوونێکی ئاوەها لەخوتوخۆڕایی بۆ بسەلمێنم. نا.. ناتوانم.

ئاسۆ:

(دێ بەلایەوە)

من رام لەگەڵ رای تۆدایەو، دڵنیام کەلەسەرهەقیت. سالار لەخۆڕایی خۆی دەفەوتێنێ. چاکتروایە بەپەلە بچم حیزب ئاگاداربکەم، کەبەفەرمانێك ناچاریبکەن.

(دەیەوێ بڕوا)

سالار:

نـا.. نەکەیت.. من ئەوە بەدڵسۆزی نـــازانم. ئەوە ناپاکییە لەگەڵمیدا دەکەیت.

ئاسۆ:

ئاوەها؟!.

سالار:

ئاوەها.

ئاسۆ:

دەگوێبگرە سالار.. تۆ دەبی ئەوە بزانیت کەمنیش ئەندامێکی حیزبەکەم‌و، ئەوەی تۆ بۆمنی بەناپاکی لـەقـەڵەمدەدەیت، وەك ئـەرکێکی سـەرشـانم بـەرامبەر بەحیزب بەجێیدێنم. واتە ئەوەی دەیکەم، بۆجەنابت نییەو بۆحیزبە. ئاشکرایە کەگرتنی تۆ، زیان بەحیزب دەگەیەنێ. منیش کەدەبێ بوارنەدەم زیانی پێبگا، دیارە دەبێ بچم لەوکردەوە نابەجێیەی جەنابت ئاگاداریبکەم.

سالار:

کردەوەی من نابەجێ نییە. ئەوەی تۆ نابەجێیە، کەدەچیت حیزبم لـێهاندەدەیت.. دەچیت بەهەڵــەیدادەبــەیت، کــەفەرمانی چۆڵکردنی سەنگەرم پێبدا.

ئاسۆ:

گریمان وابوو.. بەڵام حیزبەو فەرماندەدا.. هەر نایکەیت؟.

سالار:

هەرنایکەم.

(تاریکییەکی ساتەوەختی. ژن، مێرد، هاوڕێ سەرشانۆ جێدێڵن. رووناکی. پۆلیس‌و جەللاد لەسەر شانۆن)

پۆلیس:

ناڕوا.. ناڕواو دەردیسەرییەکە بۆمن دەمێنێتەوە. چیبکەم‌و چیمدەسەڵاتە. سەد پیشەیتر هەبوون‌و، هیچیانم بەنسیب نەبوو. گوناهم چییە. چارەی رەشم ئەمیانی لێنووسرابوو. ئەمیان کەدەبێ کونبەکون بەدوای ئەوانەدا بگەڕێم کــەهەڵدێن‌و دەڕۆن. کــەچی ئــەم کــابرا ســەرســەختە بــەدبــەختە، هــەڵنایــەو ناڕواو دەستەمۆ لەبەردەستمدا دەمێنێتەوە!. ئیتر من دەبێ گوناهم چیبێ.. ئاخرچی؟!.

جەللاد:

دەردی من گرانترە. ئەو کەئاوەها بەقیردادەچێ، من تووشی گێچەڵدەبم. ئاخر من دانووم لەگەڵ ئەمجۆرە مرۆڤە سەرسەختەدا ناکوڵێ‌و، ســەرم لێیاندەئاوسێ. لــەخوتوخۆڕایی مـــاندوومدەکـــەن. یـــادەبنـــە هۆی سەرزەنشتکردنم. قەت ئەو جارەم لەبیرناچێتەوە کەلەسەر نەگریسێکیان، کارێکم پێکرا بابەدەواری شڕی نەکردبێ.

پۆلیس:

دوایی؟.

جەللاد:

دوایی منیش نەمکردە نامەردی‌و، چوومە گیانی نەگریسەکە. رقی ئەو فەرزیعەتەی لەسەری پێمکرا.. ئەو جنێوانــەی پێمدران‌و ئــەو تــۆپەڵەتفــانەی دەموچـاومیان سواغدا، لەدڵمدا بوونە گەردەلوولێك‌و، ئەم بازووانەمی لێکردنە دوو گورزی

ڕۆستەمی. هەرچەند دامدەوەشاندن، هەستمدەکرد ئێسکەکانی لەژێر زەبریاندا وردوخاشدەبن. نازانم بۆماوەی چەند ئاوەها کوتام. ئەوەندە دەزانم کەلەپەلوپۆکەوتنی خۆم، دەستمی پێلێهەڵگرت و ئەوسا..

**پۆلیس:**

ئەوسا؟!.

**جەللاد:**

ئەوسا کەهاتمەوە سەرخۆم، لێیبەئاگاهاتم کەمن لەماوەیەك لەوەبەرەوە، تۆپەڵە گۆشت و ئیسقانێکی تێکشکاوم کوتاوە. ئەوەم پێناخۆشبوو. بیرمکەوتەوە کەکاتێ چوومەوە گیانی، نووزەیەکی لێوەهات و وتی: دەزانم دەتەوێ بمکوژیت. بەڵام تکایە لەوەزیاتر ئازارم مەدەو، بەجەزرەبەیەکی کوشندە بمکوژە. لەوەڵامیدا وتم: ناجەناب وەهاتناکوژم، بەڵکو هێندەی ژمارەی جنێوو تۆپەڵە تفەکان، دەتکوژم و دەتکوژمەوە.

**پۆلیس:**

(ڕووەوەردەگێڕێ و لەبەرخۆوە)

خوای گەورە.. بەسنەبوو نەتکردم بەجەللاد. گوایە بەبەشی خۆم ناڕازیبووم!. بەڵام سوپاس و هەزارجار سوپاس کە..

**جەللاد:**

(هەڵدەکوتێتە سەری)

کە چی.. ها؟!.. کەنەیکردوویت بەجەللاد.. وانا؟!. ئەی گوایە کێ منیکردوە بەجەللاد.. ها.. کێ؟!.. پێمبڵێ.

**پۆلیس:**

(بەترسەوە)

ها؟!.. خوا.. بێگومان خوا.. لەوزیاتر کێ هەیە؟!.. ئائەو..

**جەللاد:**

(بەتووڕەییەوە)

کەوابوو وەکویەکین.. وانا؟!. هەردووکمان خوا پیشەکانمانی بەنسیبکردووین.. وانا؟!.

**پۆلیس:**

ها؟!., ئاخر..

**جەللاد:**

ئاخر پێمووتیت کەوەکویەکین. تۆ دەچیت دەیگریت‌و، دەیهێنیت دەیدەیتە دەست من‌و، ئەوە پیشەکەتە. منیش کەلەجەنابتی وەردەگرم، ئـەوەی لێیدەکەم‌و بەسەریدێنم، پیشەی خۆم‌و نسیبی خۆمەو، پارووەنانەکەی خۆم‌وماڵومنداڵمی پێوە بەستراوە. تۆ چەند منداڵت هەن؟.

**پۆلیس:**

سیان.

**جەللاد:**

سیان‌و ژنەکەت‌و خۆشت؟!.

**پۆلیس:**

بەڵێ.

**جەللاد:**

من شەش.. دووئەوەندەی تۆ. تێمدەگەیت چیدەڵێم؟!.

**پۆلیس:**

تێتدەگەم.

**جەللاد:**

وەکیتر.. بۆحیزب‌و گەل‌و نیشتمانەکەشمە. لەمەشیان تێبگە. تۆ لەحیزبدایت؟!.

**پۆلیس:**

ها؟!.. تائێستا نەء. بەڵام بەدەستەوەم ببم.

**جەللاد:**

ببە.. بەپەلەببە.. سێ منداڵ‌و ژنێك‌و خـۆت. حیزب‌و گـەل‌و نیشتمانەکەشت. ئەوە ئەرکێك نییە کەمتەرخەمیی تێدابکرێ.

**پۆلیس:**

بێگومان.. بێگومان.

**جەللاد:**

لەوەش ئاگاداربە، کەنابێ ترسنۆکبیت. ترسنۆك هەزارجار دەمرێ‌و، ئازا یەکجار.

**پۆلیس:**

لەوەش ئاگادارم..

(روو وەردەگێڕێ. لەبەرخۆوە)

بەڵام سەیرلەوەدایە، کەئەو سەرسەختە بەدبەختەش هەروەها دەڵێ.

(تـاریکییەکی سـاتـەوەختی. جەللاد سەرشانۆ جێدێڵێ. رووناکی. سالارو پۆلیس لەسەر شانۆن).

**سالار:**

هیچ بـەلاتـەوە ســەیرنەبێ. ئـا.. ئــازا یــەکجار دەمرێو، ترسنۆك هەزارجار.

**پۆلیس:**

من کونبەکون بەدوای هەڵاتواندا دەگەڕێمو، هەتا یەکێکیان دەسگیردەکەم، خوێنمدەبێ بەئاو. کەچی جەنابت وەك ئەوەیت ئابەم کڵاوە بتگرم. (کاسکێتەکەی خۆی لێدادەگرێ). بەڕاست تۆ خاوەنی ئەقڵی خۆتیت؟!.

**سالار:**

بەڵێ.. بێگومان.

**پۆلیس:**

من جەللاد نیم. سوپاس بۆخوای گەورە کەپۆلیسم. بڕۆراکەو خۆت دەربازبکە. پێمخۆش نییە کڵاوگیرتبکەم. ئەوە بۆ منو بۆتۆش جوان نییە.

**سالار:**

ئەی ئایا تۆش خاوەنی ئەقڵی خۆتیت؟!.

**پۆلیس:**

بەڵێ.. بێگومان.

**سالار:**

ناڕۆمو راناکەم. مرۆڤی شۆڕشگێڕی ئازا، سەنگەر چۆڵناکا. من لــەچــاوەڕوانی هــاتنی جەنابتابووم، هەتا بێیتو لەسەنگەرەکەمدا بتدوێنم.

**پۆلیس:**

بمدوێنیت؟!.. نێچیر راوچی بدوێنێ؟!. ئەوە ئەقڵ دەیگرێ؟!.

**سالار:**

بەڵێ دەیگرێ. چونکە تۆش لەلای خۆتەوە نێچیرێکیت.. نێچیرێکی راوکراویش. تۆ دەبێ ئەو راستییەت لەلا روونببێتەوەو، ئەگەرچی راوکراویت، بەڵام نەیەڵیت بخورێیت.

**پۆلیس:**

ئەم قسەیەت قاقایەکی پێکەنینی پێدەوێ. بەڵام دانبەخۆمدا دەگرمو، ئەوقاقایە لێنادەم. بەڵکو دەیڵێمەوە کەبڕۆڕاکەو هەڵێ. تائەگەر لەحاڵی هەڵاتندا دەسگیرمکردیت، عەیبە نایەتە سەرهیچمان. خۆئەگەر دەربازیشبوویت، ئەوا هەریەکەمان بەڕێی خۆی. کاکی خۆم.. پشت بەئازایەتی مەبەستە. ئازایەتی لەبەرامبەر جەنابی جەللاددا دادنادا. تۆ ناوبانگی جەنابی جەللادت بیستوە؟!.

**سالار:**

بیستوومە.

**پۆلیس:**

ئەوەشت بیستوە، کەکاتێ رق لەدڵیدا دەبێتە گەردەلوولێکو، هەردوو بازووی لێدەکەنە دوو گورزی رۆستەمی، دەبێتە چ بەڵایەکی ناگەهان؟!.

**سالار:**

ئەویشم بیستوە.

**پۆلیس:**

ئێدەبڕۆ کاکە.. دەبڕۆ هەڵبێ براکەم. هەڵاتنت بۆهەردووکمان پێویستە. بۆخۆت کەڕەنگە دەستم نەتگاتێو دەربازببیتو، لەئەنجامدا بەخت یارتبێ، کەنەکەویتە بەرچنگی جەنابی جەللاد. بۆمنیش کەتوانیبێتم دەسگیرتبکەم یانا، ئەوا ئەرکی سەرشانی خۆمم سەبارەت بەپیشەکەم بەجێهێناوەو، پارووە نانەکەی خۆمو ماڵومنداڵمم پێحەڵاڵکردوە.

**سالار:**

تۆخۆت فریودەدەیت. پیشەیتر زۆر هەن بیانکەیت.

**پۆلیس:**

**پیشەیتر؟!.. وەکو چی؟!.**

**سالار:**

**کرێکاری.. جوتیاری.. کاسبکاری.. یاهەرکارێکیتر.**

**پۆلیس:**

**قسەکەت بەجێیە. بەڵام تکایە پرسیارێك‌و، تکایە وەڵامێکی ئاقڵانەمبدەرەوە. گریمان ئێوە لەجێی ئەمانەی ئێستا، کـاربـەدەسـت‌و فــەرمـانـڕەوان. ئـایـا ئێوە پێویستیتان بەپۆلیسنابێ‌و، پۆلیستان ناوێ؟!.**

**سالار:**

**ها؟!.. پۆلیسی خراپ نەء.**

**پۆلیس:**

**خراپ؟!.. پێمسەیرە!.. پۆلیس خراپ‌و چاکی کوا هەیە؟!. پۆلیس هـەرپۆلیسەو، ئـەرکی سـەرشـانی دەسگیرکردنی تاوانبارانە.**

**سالار:**

**باشە.. بەڵام تاوانباران کامانەن؟!.**

**پۆلیس:**

**جوانە.. ئەوانەن کەپێمدەووترێ: بیانگرە.**

**سالار:**

**ئاخر چۆن دەزانیت ئەوەی دەیگریت تاوانبارە؟.**

**پۆلیس:**

**ئاخر من بۆچی بیزانم؟!. کەی ئەوە کاری منە؟ ئەوەی پێمدەڵێ بچۆ بیگرە، ئەو دەزانێ.**

**سالار:**

**بێئەوەی هیچ بیرێکی لێبکەیتەوە؟!.**

**پۆلیس:**

ئابەڵێ.. چونکە ئەگەر بیریلێبکەمەوە، دوورنییە منیش بچمە خانەی تاوانبارانەوەو دەسگیربکرێم.

**سالار:**

کەواتە ئەگەر..

**پۆلیس:**

راوەستە.. تۆ پرسیاری هیچوپووچم زۆر لێدەکەیت. بامنیش لەتۆ بپرسم: تۆ چەند منداڵت هەن؟.

**سالار:**

نیمن.

**پۆلیس:**

ژنت نەهێناوە؟.

**سالار:**

با.

**پۆلیس:**

کەوابوو تەنیا خۆت و ژنەکەتن.

**سالار:**

ئا.

**پۆلیس:**

سەرفرازبیت.. بارت سووککردم. بێهەڵاتنیش دەسگیرتدەکەمو دەیبرێنمەوە.

(باڵبەستیدەکا. تاریکییەکی ساتەوەختی. پۆلیس سەرشانۆ جێدێڵێ. رووناکی. جەللادو سالار لەسەر شانۆن)

**جەللاد:**

بۆچی هەڵنەهاتیت؟!.. ئازایەتیت نواند؟!.

**سالار:**

نانەخێر.

**جەللاد:**

**ئەی چی؟!.**

**سالار:**

**بۆئەوەی ئێوە بێئیشنەبن.**

**جەللاد:**

**رادەبوێریت؟!. رەنگە وابزانیت ئیشەکەی من، لەبابەتی ئیشەکەی ئەو پۆلیسە بەسزمانەیە.**

**سالار:**

**نانەخێر.. ئیشەکەی جەنابت ئەوەندەی ناوبانگ هەیە، کەچاك بزانم لەچ بابەتێکە.**

**جەللاد:**

**کەوابوو رادەبوێریت!.**

**سالار:**

**ئەویش نەء.**

**جەللاد:**

**ئەیچی پاڵەوان؟!.**

**سالار:**

**هەربەڕاستی بۆئەوەی بێئیشنەبن.**

**جەللاد:**

**خەریکم تێتبگەم. دەتەوێ بەکابرایەکی گێلو ئەقڵسووکت دابنێمو، بەوە بەزەییم لەدڵدا ببزوێنیت..وانا؟!. بەڵام خەیاڵت خاوە. ئایا جەللادێ بەڕاستی جەللادبێ، بەمجۆرە فرتوفێڵانە دەخەڵەتێ؟!. لەخۆت دەپرسم.**

**سالار:**

**قەت نەء.. بگرە جەللادێکی بەڕاستی جەللادی بەناوبانگی وەك جەنابت، مرۆڤی بەڕاستیش گێلو ئەقڵسووكو تەنانەت شێتی پەتیارەش، زۆر ئاسایی دادەپاچێ بێئەوەی خامبای پێدابێ.**

**جەللاد:**

تانووتم لێدەدەیت؟!.

**سالار:**

بەپێچەوانەوە. ستایشتدەکەم.

**جەللاد:**

زمانت لەڕادەبەدەر درێژە. لەوەدەچێ نەترسییەکەشت لەجەنابم لەڕادەبەدەربێ پاڵەوان.

**سالار:**

ئەویش هەر نەء. جەنابت ترسناکیتو لەڕادەبەدەر ترسناک. ترس لەتۆ ترس لەمەرگە. ترسیش لەمەرگ غەریزەیە. تۆ نابێ بەخودی خۆت بنازیت. خودی خۆت بێئەو ئەنجامەی لێیدەوەشێتەوە کەمردنە، پوولێکی قەڵبناهێنێ. قاوغێکی پووچو بەتاڵی ئەوتۆیە، کەدروست دەخرێتە خانەی نەبووانەوە. تۆ بێئەو ئەونجامەی لێتدەوەشێتەوە، هەر لەبنەڕەتەوە کەس هەست بەبوونتناکا.

**جەللاد:**

من لەوەدام بەڕاستی باوەڕبکەم، کەتۆ پیاوێکی گێلنا بەڵام گەوجیت. چونکە کاتێ کەئەم قسە کەرسەکانە سەبارەت بەمندەکەیت، ئەی نابێ پرسیارێك سەبارەت بەئەنجامەکەی بۆجەنابی خودی خۆشتبکەیت؟!.

**سالار:**

ئەی چەندوەختە منو تۆ لەچیدەدوێین؟!.

**جەللاد:**

بەو چەشنەی کە..

**سالار:**

بەڵێ.. مراندن بەوچەشنەی کەجەنابت دەیبەخشیت.

**جەللاد:**

قسەکانت ئەوەندە بەوەزنو قافیەن، کەخەریکم گومانت لێبکەم.

**سالار:**

کەگەوجیشنیم.

**جەللاد:**

کەگەوجیشنیت، بەڵکو.. بەڵکو.. ئاڕاوەستە.. بەڵکو تێکەڵەیەکیت لەهەموویان. لەگێلی، گەوجی، شێتیو شانبەشانیان، ئەقڵێکی گڕگرتووی خۆتووناکەر. سالار.. تۆ قەت بیستووتە کەجەللاد لەقوربانییەکەی بەردەستی بپاڕێتەوە؟!. بەڵام وامن لێتدەپاڕێمەوەو دەڵێم: سالار حەیفە.. تکاتلێدەکەم ئەو ئەقڵە گڕگرتووەت بەتوونابوونمەدە.. زۆر حەیفە.

**سالار:**

ئاسانە جەنابی جەللاد.. کێیە کەتوونایدەکا؟!.

**جەللاد:**

سەرم لێتێکمەدە. تکاکەم لەناخەوەیەو، بۆخەڵەتاندن نییە. ئەو ئەقڵە گڕگرتووەی تۆ هی خەڵەتاندن نییە. لەم ساتانەدا بانەمن جەللادبمو نەتۆ قوربانی.

**سالار:**

دیسان ئاسانەو، منیش والەدڵەوە باوەڕم پێکردیت. فەرموو بادەست لەناو دسەتبنێین و بڕۆین.

**جەللاد:**

بۆکوێ؟!.

**سالار:**

بۆ ئەو شوێنەی کەتیایدا لەجەللادی رزگارتدەبێ.

**جەللاد:**

مەبەستت بۆلای حیزبەکەتە.. بۆئەو شوێنەی کەتیایدا دەبم بەقوربانی؟! (بانگدەکا) پۆلیس.. پۆلیس.

**پۆلیس:**

(دێتە بەرڕووناکی) بەڵێ.

**جەللاد:**

بیبە بۆژووری ئازاردان.

سالی (1973) نووسراوە.